## وڵامێکی کورت بە بەڕێز ڕەحیم ڕەشیدی

سەیری نوسراوەی ئەم بەلیمەتە کەن چۆن پاساوی سیاسەتی چەوتی حیزبەکەی لە گەل پان ئێرانیستەکان ئە داتەوە، بی ئەوەی تەنانت یەك ووشە لەسەر ئەم ڕیکەوتن و هاوکاریانە بنوسێ، کە نە ك هەر لە پێناو بەرژەوەندی حیزبەکەی دانی یە ، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندی 98% ی جەماوەری خەڵکی کوردوستانیش دا نی یە کە بە قەولی حیزبەکەی خۆی ئیدیعای نوێنەرایەتیان ئەکا . ئەوەی جیگای سەرنجە ئەویە ئەو برادەرە لە جیاتی سکرتێری حیزبەکەی وڵامی ئەو نووسراوانەی داوەتەوە و پێشی وایە هەموی ئەو کەسانەی کە لە سەر ئە و یەکگرتنەی پان ئێرانیستەکان وحیزبی دیموکرات سەرنج و ڕەخنەی دڵسۆزانەی خۆیان نووسیوە ، هەموویان پێشتر کۆمونیست بوون و هەر هەموویان سیاسەتی سەراسەریان بووە ،کە بە قەولی نووسەر تا هەنوکەش لە ژێرشوێنەواری کۆمونێزمی ڕووسی و رێبازی پۆلپۆتی یاندا ماونەتەوە یا دەڵێ حیزبی ئێمە قەت لە ڕیبازی نەتەوەیی لا نادا .

بەڕێز ڕەحیم ڕەشیدی لە زۆر شوێن بێ ئەندازە بە شان و باڵی حیزبەکەی داهاتوە کە لە ڕاستی غەریری خۆ بە زل زانین و خۆ هەڵکێشان چی تر نی یە ، ئەم بەڕێزە هەوڵ ئەدا بە شێوەیەی فالانژی کوردایەتی بکاتە پێناسەی حیزبەکەی و لەم چەشنە قسە بێ کەڵکانە کە هەر لە شانی کەسی ئایدۆلۆژیکی و کەللە ووشك و کوێر وەك بەڕێز ڕەحیم نەبێ لە کەسی تر ناوەشێتەوە . دەبێ ئەم بەڕێزە بزانێ کە خۆی و خەڵك لە زمانێکدا بەسەر ئەبەن کە لەگەڵ دنیای دوێنێ زۆر فەرق و جیاوازی هەیە . هەموومان مێژوی حیزبی دیموکرات کەم تا کورت ئەزانێن ئە گەر باسی روسیا بکەین بەر لەهەمو لایەنانەکانی ئەوە حیزبی دیموکرات بووە کە هەمیشە لە ژێر ڕکێفی حیزبی تودە و سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دا بووە و ئێستاش شوێنەواری بەسەر بیروبۆچوونە چەوتەکانی حیزبی دیموکرات دا ماوە و هەروەها زیاتر لە هەموو لایەنەکان خەریکی سات و سەودا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بوو .

لە گەل هەموو ئەو حیزبانەی کەلە کوردوستان خەباتیان ئەکرد ، شەری چەکداری کردوە ، تەنانەت لە گەڵ ئەو کەسانە ی کە سەردەمێکی زۆر پێکەوە لە حیزبێکدا بوون دواتر جیابونەوە و وەکو حیزبی دیموکرات ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر هەڵسوڕانیان بوو . حیزبی دیموکراتی هەروەها دەستێکی باڵای بووە لە سووك وتەڕو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردنی زۆر کەسایتی سیاسی و لایەنی سەربەخۆ ، تەنانەت لە ناوبەردنی ئەندامانی خۆیان کە لەگەڵ خەتی ڕەسمی حیزبەکەیان ناتەباییان هەبوو .

هاوکاری لە گەڵ تاقمی موجاهیدین خەلق و بانگەوازی ڕەسمی ئەو حیزبە  کە داوای لەخەڵکی کوردستان دەکرد لە هەلبژادنی ئیران دا بەشداری بکەن ، بەڵام دەنگ بە خودموختاری بدەن و هتد ... ئێیساش بەیانامەی هاوبەش لەگەل پان ئێیرانیستەکان و  زۆر کردوەی چەوتی تر،بەڵام بە قەوڵی مامۆستا هێمن دەڵێ دەرخونەیەکی سەرخەین باشترە . ئەمەی باسمان کرد کورتەیەك بوولە هەڵدانەوەی هێندێك  لە لاپەڕەکانی ئەوحیزبەی بەڕێز ڕەحیم زۆر بەشانازیەوە باسیان لێ  ئەکا. ئەم قسەڵۆکانە نەك هەربەقازانجی حیزبەکەی نی یە ، بە ڵکو زیاتربەر بە گەشە سەندنی سیاسەتی حیزبەکەی لە پێناوبەرژەوندی خەلکی کوردستان دەگرێت . بەم ڕابردووە و دیفاعی ئایدۆلۆژیکی لاوەکی بەم شێوە و تاوانبارکردنی ئەو نوسەرە دڵسوزانە بە چەوتی و چەواشەکاری لە حاڵێکدا لەهەمو بوارەکانی خەبات و بە تایبەت نووسین ڕاشکاوانە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە و بەم جۆرە زەحمەتیان کێشاوە بۆ ئامانجی دواڕۆژی نەتەوەکەمان و گەشە پێدان بە پێشکەوتوویی و زانیاری کۆمەڵانی خەڵك . ئەم بەڕێزە و حیزبەکەی لە جیگای ئەوە ی لە ڕەخنە وسەرنجی نەیارانی خۆیان  لە سەر ئەو بەیاننامەی لە گەڵ پان ئێرانیستەکان  ئیمزای کردوە ، پێشوازی بکەن  و بە شێوەیەکی ئاقلانە و بە دوور لە ڕەش بینی بدەنە بەرباس و لێکۆڵینەوەی زانیاریانە ، بە کەللەووشکی و تاوانبارکردن و بەکار هێنانی هەمان ڕەوشتی دزێو بەرانبەر بە هەموویان هەڵوێست دەگرن . بەڕێز ڕەحیم و حیزبەکەی دەبێ بزانن خەڵکی ووشیاری کوردستان ، لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتی کان بۆیان هەیە ئەم بیاننامە هاوبەشە بە توندی مەحکوم بکەن و  سیاسەتی شۆڤێنیستانەی پان ئێرانیستەکان بو کۆمەلانی خەلکی کوردوستان ڕوون بکەنەوە و لە قاویان بدەن . بۆ ئەوەی نەهێڵن حیزبی دیموکرات جارێکی تر بچیێە ژێرباری سیاسەتی چەوتی ئەو حیزبانەی وەکو وەك موجاهیدن ، تودە وپان ئێرانیستەکان و هیچ بەرژەوەندێك لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و دەنگ و ڕای ئەوان بۆ وبەدی هێنانی مافە رەواکانیان سەرتر نەبێت .

بەیاننامە وهاوکاری کردن لەگەڵ  شۆڤێنیستەکان  نەك هەربە قازانج نی یە ، بەلکو ڕەوتی ڕوو لە گەشە و خەباتمان لاوازتر دەکا و بە لاڕێی دا ئەبا. ئێترکۆمەڵانی خەلکی کوردوستان لە وە زیاتر نابی دەستی کەم بگیرێن ، شی کردنەوە و ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینە و پێویستیان دەوێت ، نەك ئەشتەی بەڕێز ڕەحیم بۆ داپۆشینی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سیاسەتی حیزبەکەی بەکاری ئەهێنێ .

لە کۆتایی دا هیوادارم بەڕێز ڕەحیم ئیمەش نەکا بەکۆمونیست وپۆلپۆت و لێشمان زویر و لالووت نەبێ ، پیم وایە دڵێکی گەورە و بەرفراوان یەکەم هەنگاوی سەرەکی دیموکراسی خوازی یە .

**ماندووی ئاگرین** ٤ ی دێسامبری ٢٠٠٤ ی زایینی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com